سەلاح حەسەن پالەوان

تیۆدۆر ئادۆرنۆ



42996

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: تیۆدۆر ئادۆرنۆ

نووسینی: سەلاح حەسەن پالەوان

بابەت: فیکری

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٠ ی ٢٠٠٧

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم سالّی ٢٠٠٧

کوردستان -سلێمانی

www.sardam.info

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ئەمانەوێ باس لە تیۆدۆر ئادۆرنۆ بکەین، ئەو هزرڤانەی هەموو بەشەکانی راستێتی و زیندوێتی لە مەودایەکی بەرفراوانەوە شی ئەکاتەوە ، ئەو کەسەی تەنیا بە ووردی نەیئەڕوانیە رووداوەکان ، بەڵکو لە ناخی قوڵی بیدەنگیەکانەوە گەورەترین دەنگی بەرز ئەکردەوە ، ئەو زاتەی لە گەڕانی هەمیشەیدا بووە بەدووی خودی خۆیی و هەنگاوەکانی خۆی. ئێمە لێرەدا لە گەڕانێکین بەدووی ئەو ژیانەی کە خوودی ئادۆرنۆ پێی ئەڵێت ژیانی حەقیقی ، ئەو لە نێو ئەو راستیانەدا بەدووی ژیان و رەوشت و گۆڕان و بەردەوامی گۆڕاندا ئەگەڕا.

ئادۆرنۆ یەکێکە لەو ناوانەی زۆر بە کەمی و بە دەگمەن لە نێو رۆشنبیری کوردیدا ئاماژەی بۆ کراوە، تیۆدۆر ئادۆرنۆ ناوێکە رەنگە بۆ ئەو کەسانەی هەندێ زانیاریان لەبارەی کارو کردەوەکانی هەبێت ، یەکسەر بیری بۆ لای بەشێک لە کارە فەلسەفی و سۆسیۆلۆژیەکانی بڕوات ، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئادۆرنۆ خاوەنی بڕێکی زۆر لە نووسینی هەمە جۆرو

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

هەمە چەشنە لە بارەی مۆسیقاو کولتوورو ئەدەب و هونەریشەوە ، هەروەها زیاد لە پێویست هەوڵیداوە پەل بۆ لقە جیاجیاکانی چالاکی مرۆیی درێژ بکات و زۆرجاریش خۆی لە قەرەی باس و خواسی هەمەچەشن داوە، بەڵام لە هەموو ئەم شتانە گرنگتر ئەوەی بووەتە هۆی ناساندنی ئادۆرنۆ کارکردنی بووە لە نێو پەیمانگای تایبەت بە قوتابخانەی سۆسیۆلۆژی ئەڵمانی و ئەو هەوڵانەی داوێتی بۆ تیۆریزەکردنی سۆسیۆلۆژیاو چالاکیە سۆسیۆلۆژیەکان ، ئەو لە قوتابخانەی تایبەت بە سۆسیۆلۆژیا ئەو قوتابخانەیەی سالانێکی دوورو درێژ لەلایەن ماکس هۆرکهایمەر هەوە بەرێوە دەبرا هەوڵ و کۆششێکی زۆری بۆ بەرێوەبردن و پەرەپێدانی ئەو قوتابخانەیەدا. ناوی ئادۆرنۆ زیاتر پابەند بوو بە قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەو قوتابخانەیەی ساڵی ١٩٢٣ لە لایەن چەند هزرڤان و نووسەرو تیۆردانەری مەزنی ئەڵمانیەوە دامەزرا.ئامانجی ئەم قوتابخانەیە ئەوەبوو ئەیویست ببینتە سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەسەلەکانی بواری سۆسیۆلۆژی و کولتووری و زمانەوانی.

ژیانی ئادۆرنۆ ژیانێکی پڕ مەزنی و بریندارو پڕ ناکۆکی بوو ، ئەو ژیانەی خۆشی لە راسیتەکانی بە

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

گومان بوو، هەر خودی ئادۆرنۆ لە کتێبی (ڕەوشتە بچووکەکەکان)دا کە کتێبی پیرۆژی زۆربەی ئەوانە بوو کە لەو سەردەمەدا بەدووی ڕاستیەکان ویلّ بوون باس لە ڕاستی ژیان نەکات، هەر ئەو کتێبە بۆ ژیانی ئادۆرنۆ خۆی هەروەک **کاسپلانت** ئەڵێ : ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە زەرەر لێکەوتووەی ئادۆرنۆ بوو.

خۆشی لەبارەی ژیانی خۆیەوە ئەڵێ: (من لە ١٩٠٣ لە فرانکفۆرت لەدایک بووم . باوکم جوویەکی ئەڵمانی بوو ، دایکم گۆرانیبێژ بوو، کچی یەکێکە لە کۆمیسەرە فەرەنسیەکانی ناوچەی کیرس و _ کە لە بناغەدا خەڵکی گینوسە – بوو، هەروەها دایکیشی گۆرانیبێژێکی ئەڵمانی بوو. من لە ناوهەوایەکی تەواو پڕاوپڕ لە فەزای تیۆری و (هەروەها سیاسیش) هونەری و بەتایبەت مۆسیقی گەورە بووم ،،) خاڵۆژنی ئادۆرنۆ کە ناوی ئاگاتا بوو بە کچێنی مایەوەو ئادۆرنۆ لای ئەو ژیانی بردە سەر. ئەم ژنە پیانۆژەنێکی زۆر دەست ڕەنگین بوو بۆیە هەستا بە وتنەوەی وانەی مۆسیقا بە ئادۆرنۆ. **تیۆدۆر فیزنگروند** (کە لە تەمەنی لاوێتیدا بە نێوی خێزانی دایکیەوە واتە ئەدرنۆوە لە بواری مۆسیقادا ووتاری ئەنووسی ، پاشان سەرەنجام لە ساڵی ١٩٤٢ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ئەم ناوەی بۆ هەمیشە یی لە نووسینەکانیدا بەکارهێنا). لە ڕاستیدا ژیانی منداڵی

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library